# تویێژی لاو و پێکهێنانی خێزان

رزگار سالح ئەرگۆشی
تویێژەری کۆمەلآیەتی

ژیانی خێزانی بریتیە لە قۆناغێك لەقۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ، کەتیایدا مرۆڤ دەبێتە هەلگری بەر پرسیاریەتیەکی هەرە گرنگ و گەورەی کۆمەلآیەتی کە ئەویش بەڕێوەبردنی خێزانە. ئەم قۆناغەش بەسروشتی خۆی لە دوای قۆناغی یەکەمەوە دێت، کە ئەویش بریتیە لە قۆناغی تاکیەتی کۆمەلآیەتی. ئەشێ قۆناغەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی مرۆڤ دابەشبکەین بەسەر دوو قۆناغی سەرەکی و گشتی:

**یەکەم: قۆناغی تاکیەتی کۆمەلآیەتی.**

**دووەم: قۆناغی خێزانی کۆمەلآیەتی.**

هەریەك لەو قۆناغانەش خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، هەروەك ئەوەی کە لەقۆناغی یەکەمدا کەسایەتی مرۆڤ پێکدێت و لە قۆناغی دووەمدا بەرهەمهێنانی کۆمەلآیەتیانەی منداڵ دەستپێدەکات. بە واتا دەبێتە هۆی دروستبوونی نەوەیەکی نوێو لەهەموویشی گرنگتر دەبێتە هۆی بەردەوامیەتی ژیانی کۆمەلآیەتی لە ناو کۆمەلگادا.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی لێبکەمو زۆرتر بیوروژێنم بریتیە لە چۆنیەتی پێکهێنان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خێزانە کە مرۆڤ لە داهاتوودا دەبێت رووبەڕووی ببێتەوە و هەژموونی بکات. لەم سەردەمەشدا لەزۆربەی هەرە زۆری ولآتاندا و تەنانەت لە ولآتی ئێمە کوردستانیشدا یەکێك لەپرەنسیپە هەرە گرنگەکانی مرۆڤ بۆ ژنهێنانو شوکردن بریتیە لە



(خۆشەویستی)، کە ئەمەش بریتیە: لە هەستکردن بە دڵ بەستەیی سۆزی ورۆحی دوانەیی کچ و کوڕ. دەتوانین بلآوبوونەوەی ئامانجەکانی "خۆشەویستی رۆمانسی" بە شێوەیەکی فراوان ببەستینەوە بەتێپەڕبوونی مرۆڤ لە قۆناغی کۆمەلگای شاریو پیشەسازی نوێ. هەر لەگەڵ کۆچکردنی مرۆڤ لە ناوچە لادێیەکاندا بۆ شار وایلێهات کە پرەنسیپەکانی ژنهێنان گۆڕانێکی گەورەیان بەسەردا بێتو ئیتر مەرجە ئابووریەکانی ژنهێنانیش کە پێشتر زەویوزارو کشتوکاڵ کردنو پارێزگاریکردن لە موڵکی بابو باپیرانی رەسەنو لەو جۆرە پرەنسیپانە بوون. ئیتر بگۆڕن بۆ هەبوونی خانوو بەرەو پیشەو خوێندەواری لە ناو شاردا. ژنهێنانە ڕێکخستوەکان کە لەلایەن دایكو باوکانەوە دروستدەکرانو کەمتر بیروڕای کچو کوڕی لە خۆدەگرت، ئیتر باویاننەماو خێزان لە شێوەی داخراوەیی گۆڕا بۆ شێوەی کراوە لە پەیوەندی کۆمەلآیەتیو ژنهێنانو شوکردندا.

ئیتر هەر لێرەدا بوو کە واتای " عاشق بوون" وەك بنچینەیەکی سەرەکی بۆگرێدانی بەڵێنو پەیمانی خێزانی هاتە کایەوەو وێنای گرت. بەڵێ عاشق بوون ئەو هەستەی کە مرۆڤ هەیەتی بەرامبەر رەگەزی بەرانبەر، کە لەدڵەوە سەر چاوەدەگرێتو ئیتر کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات لەمیانەی تاك بە خۆشەویستەکەی.

ئەگەر سەیری ئەوروپای پێش قۆناغی پیشەسازی بکەین، دەبینین زۆربەی خێزانەکان یەکەی بەرهەمهێنانیش بوون، لەهەمانکاتدا کشتوکاڵو پیشەسازی دەستکردیشیان دەکرد، تەنانەت ئەو کەسانەی کە ژینگەیەکی خێزانی تایبەتیان بۆ خۆ دروست ئەکرد، لە ناو خێزانەکانیتردا ژیانیان بەسەر دەبردو ئیشیان دەکرد، شتێکیتر لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لەهەڵبژاردنی پرەنسیپەکانی ژنهێنانو شوکردندا، سۆزو خۆشەویستی رۆڵی سەرەکیان نەبوو، بەڵکو ئەوەی گرنگ بوو پارێزگاری لێ بکرێت، بریتی بوو لەبەرژەوەندیە کۆمەلآیەتیو ئابووریەکانی پەیوەندیدار بە بەردەوامیەتی رۆڵی ئابووریانەی خێزانو هەڵگرتنو چاودێریکردنی خزمو کەسوکاری بوو. هەژارەکان کە زەویان نەبوو یاخود تەنانەت کێڵگەیەکی بچووکیشیان نەبوو، هەندێکجار دەگەیشتە ئەو راددەیەی کە بەتەواوەتی وازیان لەژنهێنان دەهێنا. خێزانەکان لەرووی قەبارە لەچاو خێزانی ئێستا زۆر گەورەتربوون، ئەمەش لەبەر بوونی خزمەتکارەکان بوو کە لەناو خێزانەکەدا دەژیان، لە

بەریتانیا لەماوەی  سەدەی حەڤدەهەم‌و هەژدەهەم‌و نۆزدەهەم چوارچێوەی ناوەندی خێزان٤/٧٥ کەس بوو، کەچی ئێستاکە ٣/٠٤ کەسە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا بچووکبوونەوەی خێزان لەرووی قەبارەوە پیشان ئەدات، کە راستەوخۆ دەتوانین بیبەستینەوە بە ژیانی شاری‌و پیشەسازی  سەردەمیانەی ئێستا.

کەواتە لەرابردوویەکی دوورو نزیکدا دروستکردنی خێزان جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ نیو سەدە یان سەدەیەك پێش ئێستا. بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەمەو هەرێمی کوردستانیش  بەدرێژایی مێژوو دووچاری گۆڕانی کۆمەڵایەتی گەورە بۆتەوە کە کاریگەری گەورەی رامیاری بەخۆوە بینیوە.

لاوی ئێستای کۆمەڵگای کوردی جیاوازە لەگەڵ لاوی پەنجا ساڵ پێش ئێستا، دەتوانم بڵێم لاوی ئێستا، لاوێکی دەستکرد یاخود ماشێنیەو راددەی تەحەمول‌و خۆڕاگری لە بەرانبەر کێشەکانی ژیان زۆر زۆر کەمترە، بەبەراورد بەمێژوویێك پێش ئێستا، باشە با لەپرسیارەکەوە بچینە ناو قوڵایی بابەتەکەوە، بۆچی بیری گەنجی ئێستا کەتەنیا هەر رەگەزەکەی ترەو وازی لەهەموو شتێکیتری وەك خوێندن‌و داهێنان‌و پێشکەوتن هێناوە؟ وەڵامەکەی، من بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم ئەوەیە کە  زۆر بوون‌و فرە جۆری گیروگرفتی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری تاك لەم کۆمەڵگایەدا وایکردوە کە لە پێکهێنانی خێزاندا دووچاری ترس‌و دڵەڕاوکێ ببێت‌و ئیتر لە تاو ئازاری دەروونی خۆی‌و لە هەوڵی چارەسەرکردنیدا، هەمیشە خۆی لە بازنەیەکی داخراودا بدۆزێتەوە. پشتبەستن بەدەرماڵەی حکومەت‌و خانوی کرێ‌و داخوازیەکانی کچ و پێویستیەکانی ژنهێنان، وای لەلاوی ئێستا کردووە کە لەپێش پێکهێنانی خێزاندا دووچاری ترس‌و سەرنەکەوتن ببێتەوە لەزۆربەی کاتەکاندا. لێرەدایە  کە لە کۆمەڵگای خۆماندا کاریگەری گەورەی لایەنی ئابووری بەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیدا زەق دەبێتەوەو دەتوانم بڵێم ئەمانە گشت هۆکارەکەی بریتیە لە هەنگاونانی کۆمەڵگای ئێمە لە کۆمەڵگایەکی  عەشائیری‌و هەژاری بۆ کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دیاریکراو، سەرمایەداری دیاریکراویش بریتیە لەوەی کە لە٢٠٪ ــ ٢٢٪ خەڵك خاوەن سەرمایەی گەورە بێ‌و جڵەوی ئابووری‌و بازرگانیشی لەدەستبێ. بەواتە سەرمایەی هەرە گەورەی وڵات لەدەست ئەم ڕێژەیەیەو ٦١٪ یش مووچەخۆرە، هەروەکو لەپێشدا گوتم مووچە نابێتە هێزێکی وا کە یارمەتی مرۆڤ بدات بۆ ژنهێنان.لە ١٧٪ ی خەڵکیش بەئیشیتر خەریکن کە دەرامەتێکی دیاریکراویان بەدەست ئەکەوێت. لێرەدایە کە خۆشەویستی راستەقینە گۆڕەپان بەجێدێڵێ بۆ پارەو بارودۆخ، بەواتە دواجار پارەو باردودۆخ دەبێتە هۆی سەرهەڵدان‌و دروستبوونی خۆشەویستی‌و تا دواجار پێکهێنانی خێزان. هەر ئەمەیە کە شکست بە زۆربەی هەرە زۆری خۆشەویستیەکان دەهێنێت، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەدوو هۆکاری هەرەگرنگ بکەم کە کاریگەریان هەیە بەسەر  هەرەسهێنانی پەیوەندیە سۆزداریەکان:ـ

**یەکەم: پارەو بارودۆخ.**

**دووەم: هەندێك بیروباوەڕی کۆنی کۆمەڵایەتی.**

هەر لێرەدایە کەلاوی ئێمە کاتێك ڕووبەروی  دروستکردنی خێزان ئەبێتەوە، وا هەست ئەکات  کەگشت کێشەکانی دونیا سەریانهەڵداوە، تا بەیانی



دەیفەوتێنن‌و ئەم بارە دەروونیە تەنانەت لەحاڵەتی خۆشەویستی دا( قۆناغی خۆشەویستی ) کاریگەری گەورەتری هەیە بەسەر تاك. لێرەدا وەکو کۆتایی زۆرجار دەڵێم  نابێت کچ  لەم کۆمەڵگایەدا تاوانبار بکرێت بەوەی بێ وەفایی لە پەیوەندیە خۆشەویستی‌و کۆمەڵایەتیەکاندا کردووە، چونکە کچ مرۆڤێکی بێهێزترە لە پیاو و هەمیشە لە روبەڕوبوونەوەی  کێشەکاندا پشت بەپیاو دەبەستێ، بۆیە کە کوڕ نەیتوانی بارودۆخ سازبکات بۆ ژنهێنان  کچ ناتوانێت پشتی پێ ببەستێت‌و لە هەوڵی گەڕانە بەدوای ئەو کەسەی کە بتوانێت ژیانێکی ئاسودەتری بۆ دابینبکات، کەواتە لێرەدا پرەنسیپی خوڕەوشتیش دەورێکی ئەوەندەی نییە  لەپارێزگاریکردنی خۆشەویستی. ئەمانە هەمووی هەروەك گوتم بریتین لە بەرهەمەکانی گۆڕانی کۆمەڵگای  کوردی لە کۆمەڵگایەکی عەشائیری  بچوك  بۆ کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری دیاریکراو.

وەك قسەی کۆتاییش سەرنج لەم هێڵکاریە بدە:

**پێکهێنانی خێزان**..................**هەبوونی پارەو بارودۆخ**

**پێکنەهێنانی خێزان** ...................**نەبوونی پارەو بارودۆخ**

ئەمە ئەو ڕێچکەیە پیشان دەدات لەدوو حاڵەتدا  بۆ کوڕ دێتە پێش.

لەمیانەی  پێکهێنانی ژیانی خێزانی، باش سەرنج لە هێڵەکان  بدە راستیەکی کۆمەڵایەتی گەورەت بەدەستدەکەوێت!